
FEB_ REPORT

2015



# نەوتی هەرێم؛
# بەرەو لوتکەی گەشە

DOPIK

ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان

* Door Organization for Petroleum Information of Kurdistan
* KURDiSH OIL
* MARKET
* PRODUCTION
* FORECAST
* CRISIS
* WORLD OIL

سەردێڕەکان:

- کۆی گشتی بەرهەم گەشتووەتە ٩١٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە و، هەناردەش بۆ ٧٤٠ هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە.
- بەبەراورد بەمانگی جەنیوەری هەرێم ٦٥ هەزار بەرمیل زیادیکردووە و زیادبونەکەش لەکێڵگەکانی تری هەولێر شێخان بووە.
- دۆر بە کاری بەراوردکاری لەگەڵ کۆمپانیا بەڵێندەرەکان گەشت بەوەی وەزارەتی سامانە شروشتیەکان پلانەکانی وەکوی خۆی دەڕوات کێڵگەکانیش لەگەشەی بەرهەم بەردەوامن.
- دابەزینی نرخی نەوت زیانی لەداهاتی نەوتی هەرێمداوە و لە ٨٤٥ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار زیانەوە بۆ ٨٨٥ ملیۆن بەرزیکردوەتەوە.
- بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ساڵی ٢٠١٦ هەرێم لەژێر بەندو باری بەغداد دەردەهێنێت و ئەوەش وادەکات ڕێکەوتنامەی بەغداد هەڵوەشێتەوە.
- نیوەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی سۆمۆوە هەناردە دەکرێت.
- دۆر لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی کارکەری نەوتەوە ژمارە گەورەکەی هەناردەی غازی سروشتی لەنێوان تورکیا و هەرێم ئاشکرا دەکات.
- جیهان، لە مساڵەوە خاوبوونەوەی گەشەی بەرهەمی نەوت دەسپێدەکات، ئەوەش سود بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت

# بەرهەمهێنانی نەوت گشتی

| کۆی بەرهەمهێنانی نەوت لە ١٥ی فێبریوەری ٢٠١٥/ بەرمیل ڕۆژانە | | |
|---|---|---|
| بەرهەمی پوخت | بەکاربردنی ناوخۆ | بەرهەمی ناپوخت |
| ٧٤٠,٠٠٠ | ١٧٠,٠٠٠ | ٩١٠,٠٠٠ |

+ ٢٠

زیادەی بەکاربردنی ناوخۆ
لەنێوان مانگی جەنیوەری و فێبریورەی
٢٠١٥

٧٤٠,٠٠٠,٠٠٠

کۆی بەرهەمی
هەناردە/ بەرمیل ڕۆژانە
٢٠١٥

ڕوونکردنەوە:

- بەرهەمی ناپوختی نەوت واتەی کۆی بەرهەم لە ناوەڕاستی مانگی جەنیوەری ئەمساڵ ٩١٠هەزار بەرمیل دەبێت، بەپێی پلانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

- بەکاربردنی ناوخۆش واتە ئەو نەوتەی دەچێتە پاڵاوتگەکان و لەناوخۆی هەرێم سەرفدەکرێت بووە بە ١٧٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە، کە بە بەراورد بە مانگی جەنیوەری ٢٠١٥ کە ١٥٠ هەزار بەرمیل بووە بەرێژەی ٢٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە زیادیکردووە.

- بەرهەمی پوخت واتە ئەو نەوتەی ئامادەکراوە بۆ هەناردەکردن بووە بە ٧٤٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە.

# بەرهەمهێنانی نەوت بەپێی کێڵگەکان

**بەرهەمی نەوتی هەرێم بەپێی کێڵگەکان فیبریوەری ٢٠١٥/ هەزار بەرمیلی رۆژانە/ پلانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان**

| کۆی گشتی | کێڵگەکانی تری سلێمانی | کێڵگەکانی تری هەولێر | کێڵگەکانی تری دهۆک | شێخان | تەقتەق | تاوکی | خۆرمەڵە | خورمەڵە فەیسی ٢ و ٣ | نیوەی مانگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩١٠ | ٣٠ | ٦٠ | ٥٠ | ٦٠ | ١٥٠ | ٢٠٠ | ١٣٥ | ٢٢٥ | ١٥ مانگی فێبریوەری |
| +٦٥ | | +٢٠ | | +٢٠ | | | | +٢٥ | زیادەی بەرهەم بەبەراورد بە بەمانگی جەنیوەری ٢٠١٥ |

**+ ٦٥**

زیادەی بەرهەم کێێڵگەکان لەنێوان مانگی جەنیوەری و ڤێبریورەی ٢٠١٥

**٢٠**

هەزار بەرمیلی رۆژانە

زیادەی بەرهەمی تری کێڵگەکانی هەولێر/ مانگی ڤێبریوەری ٢٠١٥

ڕوونکردنەوە:

- بەرهەمی بیری یەک و دووی خورمەڵە لەنێوان مانگی جەنیوەری و ڤێبریورەی ٢٠١٥ (٢٥) هەزار بەرمیل زیادیکردووە
- تاوکی و تەقتەق لەنێوان مانگی فیبریوەری و جەنیوەری هیچ زیادبوونێکیان لەبەرهەمدا نەبووە، بەڵکو گەشتووەتە بەرهەمی جێگیری خۆیان کە ئاڕاستەی زیادبوون ٩٠ تا ١٠٠ هەزار بەرمیلە لە ٢٠١٥دا
- بە بەراورد بە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ نەوتی هەرێم ٦٥ هەزار بەرمیل زیادیکردووە واتە لە ٨٠٥ هەزارەوە بووەتە ٨٤٥ هەزار بەرمیل.
- کێڵگەکانی تری هەولێر ٢٠ هەزار بەرمیل زیادبوونیان هەبووە.

# پشتڕاستکردنەوەی پلان

| بەرهەمی نەوتی هەرێم بەپێی کێڵگەکان فیبریوەری ٢٠١٥/ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە/ پلانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | کێڵگەکانی تری سلێمانی | کێڵگەکانی تری هەولێر | کێڵگەکانی تری دهۆک | شێخان | تەقتەق | تاوکی | خۆرمەڵە | خورمەڵە فەیسی ٢ و ٣ | کات |
| ٩١٠ | ٣٠ | ٦٠ | ٥٠ | ٦٠ | ١٥٠ | ٢٠٠ | ١٣٥ | ٢٢٥ | ١٥ فێبریوەری |
| +٦٥ | | +٢٠ | | +٢٠ | | | | +٢٥ | جیاوازی بەرهەم لەگەڵ مانگی جەنیوەری ٢٠١٥ |
| | | | | | | | | | |

بەیاننامەی بەشێک لە کۆمپانیا کارکەرەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان پشتراستی ئەوەدەکەنەوە هەرێمی کوردستان گەشتووە بەو پلانەی کە دایناوە بۆ گەشەپێدانی بەرهەمهێنانی نەوت، هاوکات وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش بەفەرمی باسی لە کورتهێنانی بەرهەمی نەکردووە بۆیە ئەمەش شیکەرەوانی دوور دەگەیەنێتە ئەوەی کە بەرهەمی ناپوختی کۆمپانیاکان هاوتای پلانەکان بووە بەرێژەیەکی کەم ئەگەری جیاوازی هەیە.

## ڕوونکردنەوە

- بەپێی بەیاننامەی کۆمپانیای گنەڵ ئێنرجی کە لە کێڵگەکانی (تاوکێ و تەقتەک و میران و بنەباوی کار دەکات) گەشەی بەردەوامە و ئاراستەی بەرهەم بۆ ساڵی ٢٠١٥ (٩٠ بۆ ١٠٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانەیە، بەوەش ئیستا ئەو کۆمپانیایە لە هەردوو کێڵگەکانی تەقتەق و تاوکی گەشتووە بە بەرهەمی پلان بۆ داڕێژراو.
- تائێستا کۆمپانیای کار ئاشکرای نەکردووە کە نەگەشتوە بەپلانەکانی لە خورمەڵە فەیسی دوو و سێ هاوکات بەپێی نەخشەی ووزەی کوردستانیش بەرهەمی کێڵگەی خورمەڵە ١٥٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانەیە.
- گەڵف گیستۆنیش کە لە کێڵگەی شێخان کار دەکات ئاشکرایکرد گەشتونەتە ٤٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە و هاوکات توانیوشیانە ریکۆردێکی نوێ تۆمار بکەن کە هەناردەی ٥٨ هەزار بەرمیلی ڕۆژانەیە.
- بەتەنها کێڵگەی گەرمیان و کۆرمۆر گەرمیان ٣١ هەزار بەرمیل بەرهەمی ڕۆژانەیان هەبوو.

# داهات

ڕوونکردنەوە:

- بەپێی خەملاندنی وەزارەتی سامانە سروشتەکان کە بۆ هەر بەرمیلێک ٨٣ $ ئەژمارکراوە هەرێمی کوردستان دەبوو ٢ ملیار و ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری ناپوخت و ملیارێک و ٤٠٣ ملیۆن دۆلاری پوختی دەستکەوتایە.
- پێچەوانەی پێشبینەکانی وەزارەت هەرێمی کوردستان ئەگەر بە زۆرترین نرخی ئێستا هەژمار بکەین ٥٠ $ ە هەرێمی کوردستان لە هەر بەرمیلێک ٣٠ دۆلار زیان دەکات.
- هەرێمی کوردستان بۆ مانگی تشرینی دووەم بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە ڕێژەی زیانی لە ٨٤٥ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار بۆ ٨٨٥ ملیۆن بەرزدەبێتەوە.
- ئەو داهاتەی هەرێم لەکەرتی نەوت بەدەستی دەهێنێت تائێستاش ناتوانێت شوێنی مووچە و بوودجەی عێراق بگرێتەوە، هەناردەی بەشێک لە نەوتی هەرێم لە ڕێگەی سۆموّوە ئەو ئومێدەی لاواز کرد نەوت بێتە سەرچاوەی داهاتی وڵات و پێویستمان بە بەغداد نەبێت.

| داهاتی پێشنیارکراوی نەوتی هەرێم بۆ مانگی فیبریوەری ساڵی ٢٠١٥ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| داهاتی پوخت ملیۆن $ | قازانجی بەڵێندەر/ ملیۆن $ | تێچووی بەڵێندەر/ ملیۆن $ | داهاتی ناپوخت/ ملیۆن $ | ڕۆژ |
| ١,٤٧٩ | ٢٢٥ | ٥٤٦ | ٢,٢٥٠ | ١٥ فیبریوەری |
| | + ٧٧١ | | | |
| پێشبینکردنی داهات لەسەر ٨٣ $ بووە | | | | |

| داهاتی خەمڵێنراوی نەوتی هەرێم بۆ مانگی فیبریوەری ساڵی ٢٠١٥ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| داهاتی پوخت ملیۆن | قازانجی بەڵێندەر/ ملیۆن | تێچووی بەڵێندەر/ ملیۆن | داهاتی ناپوخت/ ملیۆن | ڕۆژ |
| ٥٩٤ | ٢١١ | ٤٩٩ | ١,٣٦٥ | ١٥ فێبریوەری |
| ٨٨٥ | --- | --- | ٨٨٥ | کورتهێنان |
| خەملاندنەکە بە ٥٠ $ کراوە | | | | |

هەرێم؛ زیانی دابەزینی نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێک

٣٠$

تێچوو و قازانجی کۆمپانیاکانی نەوت بۆ مانگی فێبریوەری ٢٠١٥

٧٧١,٠٠٠,٠٠٠$

# پێشبینیەکان بۆ داهات



## هەرێم: نرخی نەوت لە ٢٠١٦ دا ئومێدی نوێ بۆ بوودجەی هەرێمی کوردستان

ڕوونکردنەوە.

- دەزگای زانیاری نەوتی ئەمریکا مانگی فێبریوەری ئەمساڵ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە پێشبینی ئەوەی کردووە نرخی نەوت لەنێوان (٧١ بۆ ٧٥) دۆلار لە ساڵی ٢٠١٦ بەرز دەبێتەوە.

- لەسەر بنەمای ئەو پێشبینیە هەرێمی کوردستان ئەگەر نەوتی خۆی بفرۆشێت مانگانە ٢ ملیار و ٢٢٦ ملیۆن دۆلاری دەستکەوێت کە بەرامبەرە بە ٢ ترلیۆن و ٦٩٣ ملیار و ٤٦٠ هەزار دیناری عێراقی.

- هەرێمی کوردستان ئەگەر ساڵی ٢٠١٦ بێ گەڕانەوە بۆ سۆمۆ نەوت بفرۆشێت گەشەی بەرهەمی بەم شێوەیە بێت دەتوانێت بی بوودجەی عێراق مووچە و بوودجە دابین بکات".

| زیادە/ ملیۆن دۆلار | داهاتی خەملێنراوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ ٢٠١٦ | داهاتی نەوتی پوخت/ملیار | هەناردەی نەوت پوخت/ ملیۆن | ڕۆژ |
|---|---|---|---|---|
| خەملاندنی داهاتی نەوتی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٦ | | | | |
| ١٠١ | ٢,١٢٥ | ٢,٢٢٦ | ١,٦٠ | ١٦ جەنیوەری ٢٠١٦ |
| | | ٢,٦٩٣,٤٦٠ ترلیۆن | | داهات بە دینار |
| خەملاندنەکە بە ٧٠ بۆ ٧٥$ کراوە | | | | |

**دابەزینی نرخی نەوت بۆ ساڵی ٢٠١٥ کورزی کورچکبڕی لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام پێشبینیەکانی دەزگای زانیاری نەوتی ئەمریکا بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١٦ ئەو ئومێدە بۆ هەرێمی کوردستان دەگەڕێنێتەوە لەژێر هەیمەنەی بەغدادا دەرچێت، بۆیە ئەگەری بەهێز ئەوەیە و دوور پێشبینی ئەوە دەکات ڕێکەوتنامەی بەغداد سەرەتای ٢٠١٦ بەتەواوی هەڵوەشێتەوە ململانێکانی بەغداد و هەرێم ئاستێکی نوێ وەربگرن.**

# سۆمۆ: تەوژمێکی ناکاوەکان ڕووبەری هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان

• ڕوونکردنەوە

- ڕێکەوتنی بەغداد هەرچەندە ناچارییوو و بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە چووە ژێر باری لە ئێستادا لەسەدا ٥٠,٦ ی کۆی نەوتی هەرێم دەبات کە دەکاتە ٣٧٥ هەزار بەرمیلی کۆی نەوتی هەرێم، لە ئایندەشدا ئەو هەناردەیە زیاد بێت دەبێت ڕۆژانە هەرێم بگەیەنێتە ٥٥٠ هەزار بەرمیل.

- هاوشانی ئەوەی نیوەی هەناردەی نەوت، هاوکات نیوەی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستانیش بۆ عێراق دەڕوات کە بە ٦٨٢ ملیۆن دۆلاری ناپوختی دەخەملێنرێت.


- ئەو داهاتەی بەغداد بۆ هەرێمی دەنێرێت ئەگەر هەرێمی کوردستان لە بازاڕەکانی جیهان ساغی بکاتەوە زیاترە لەو داهاتەی کە تا ئێستا لە بەغداوە بۆی هاتووە.

| هەناردەی نەوتی هەرێم و کەرکوک لەڕێگەی سۆمۆوە بۆ مانگی فێبریوەری ٢٠١٥ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی کەمبونەوە | نەوتی پوختی ماوە/ هەزار | هەناردە لەڕیگەی سۆمۆ / هەزار | کۆی نەوتی پوخت / هەزار | ڕۆژ |
| ٪٥٠,٦ | ٣٦٥ | ٣٧٥ | ٧٤٠ | فیبریوەری ٢٠١٥ |

**هەرێم لەمانگی فێبریوەریدا ئەو نەوتەی لەڕێگەی سۆمۆوە هەناردەیکردووە ئەگەر ٥٠ دۆلاریش بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک هەژمار بکەین نزیکەی ٥٧٠ ملیۆن دۆلاری ناپوختی ڕادەستی بەغداد کردووە.**

نێچیرڤان بارزانی: سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان

**"ئەگەر هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی ڕەوانەی بازاڕەکان بکات، قازانجی زیاتر دەکات وەکو لە ڕێکەی سۆمۆە هەناردەی دەکات "**



# هەناردەی غازی سروشتی هەرێم بۆ تورکیا

## ژمارە گەورەکە ئاشکرابوو

کۆمپانیای گنەڵ ئینێرجی تورکی لە راپۆرتێکی تایبەتدا کە ٥ مارچ بلاْویکردەوە باس لە کارەکانی ٢٠١٤ی دەکات ئەوەدەخاتەڕوو" تائێستا ١١ ترلیۆن پیٚ سێجا یەدەگی غازی دۆزراوە لە هەرێم هەیە، ئەو کێڵگانەشی غازی دۆزراوەیان تێدایە هاوتان بە کیڵگە جیهانیەکانی غازی سروشتی، بەپێی ڕێکەوتنێک کە کراوە لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ئەو غازەی لەم کێڵگانەدا دۆزراوەتەوە کار دەکات لە گەپشەپێدانی کەرتی پیشەسازی هەرێم، هەروە کاردەکرێت بۆ کەمکردنەوەی تێچووی بەهەرمهێنان و تێچووی ئەم غازە لەناوخۆدا.


ڕاپۆرتەکەی گنەڵ ئینێرجی ئەوەش دەخاتەڕوو"  بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان حکومەتی هەرێم و ولاْتی تورکیا مانگی ١١ ی ساڵی ٢٠١٣ بەستراوە و بەپێی ڕێکەوتنەکەش هەرێم ساڵی ٢٠١٨  (٤) ملیار مەتر سێجا هەنارده دەکات بۆ تورکیا و تا ساڵی ٢٠٢٠ دەگاتە ١٠ ملیار مەتر سێجا".

هاوکات واش بڕیارە لە نێوەی یەکەمی ئەمساڵ بۆری غازی سورشتی نێوان هەرێم و تورکیا تەواو بێت، کیڵگەکانی بنەوباوی و میران کە لەلایەن کۆمپانیای گنەڵ ئینێرجی تورکیەوە سەرپەرشتی دەکرێن ڕۆڵی گەورەیان دەبێت لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی ئەو غازە.

ئەوەش لەکاتێکدایە پێشتر ڕێکخراوی دۆر بەپشت بەستن بە داتاکاتی  وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و چەند سەرچاویەکی دەرەکی ئەوەی ئاشکراکرد"هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٧ هەناردەی غازی سروشتی بە بڕی ٥٥ ملیۆن پیٚ سێجا بۆ تورکیا دەسپێدەکات و دواتریش ئەو بڕە بەرزدەبێتەوە بۆ ٢٠٠ ملیۆن پیٚ سێجا".



# خاووبونەوەی گەشەی بەرهەم




ئاژانسی ووزەی جیهانی ڕاپۆرتێکی سەبارەت پێشبینیەکان بۆ ساڵی ٢٠١٦ بلاَوکردوەتەوە و پێی وایە"خاوبونەوەی بەرهەمی نەوتی جیهان لە ٢٠١٥ وە دەسپێدەکات و تا ٢٠٢٠ بەردەوام دەبێت کە بەپێی پێشبینەیەکەی ئاژانسی ووزەی جیهانی ساڵی ٢٠١٤ زۆرترین گەشەی بەرهەم هەبوو و ٢٠١٥ کەمتر دەبێتەوە ٢٠١٦ کەشەی بەرهەم لەگەڵ ٢٠١٥ بەرێژەیەکی کەم جیاوازی دەبیت پاشان تا ٢٠٢٠ گەشەی بەرهەم جێگری بەخۆیەوە دەبینێت تا ئاستێکی جیاواز.

هاوکات ئاژانسەکە جیاوازیی گەشەی بەرهەمی لەنێوان ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٤ کردووە پێی وایە گەشەی بەرهەم لەنێوان ئەو دووساڵە (١,٤٠٠,٠٠٠) بەرمیلی ڕۆژانە بووە، گەشەکە لە ٢٠٢٠ دا دادەبەزێت بۆ ٨٦٠ کیلۆ بەرمیل کە دەکات ٨٦٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە.

سەرەڕایی کاریگەریە سیاسیەکان، هیواشبوونەوەی گەشەی بەرهەم لەمساڵەوە تا ٢٠٢٠ کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان ئەوەش بە ئەرێنی دەشکێتەوە بۆ ولاَتانی بەرهەمهێنەری نەوت و هەرێمی کوردستان سود لەم هیواشبونەوەیە وەردەگرێت.

## سەرچاوەکان

- پلانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.
- ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی ووزی جیهان.
- ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی نەوتی ئەمریکا (پێشبینی)
- ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق
- ڕاپۆرت و ئامارەکانی کۆمپانیا کارکەرەکانی نەوتی کوردستان.
- راپۆرتی تایبەتی کۆمپانیای گنەل ئینێرجی سەبارەت بەکارەکانی لە کوردستان.
- کۆبونەوەی ئەنجومەنی باڵای نەوت و غاز و ڕاگەیانکاران.
- نەخشەی ووزەی کوردستان

## پەیامی دۆر

دۆر پەیامی دەستخۆشی ئاڕاستەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەکات کە بڕیاریدا هەفتانە زانیاری لەسەر سایتی فەرمی وەزارەت پەخش بکات، هاوکات هیوادارە وەزارەت بۆ زیاتر وەرگرتنی زانیاری نزیکبوونەوە و تێگەشتن لەکارەکان کۆبونەوەیەک لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە نەوت و غاز ئەنجام بدات.

# ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان

Door Organization for Petroleum Information of Kurdistan

ڕێکخراوی دۆر خاوەنی مۆڵەتی ژمارە (٢٤٢٧) ی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

dopic2014@gmail.com

07506551075
07501245430